# له یادی شۆڕشی ئۆكتۆبەردا

ئاسۆ شابان
asoshaban@hotmail.com

شۆڕشی ئۆكتۆبەر وەرچەخانێكی مێژوویی بوو لە بزووتنەوەی كرێكارانی ڕووسیاو جیهاندا ، بەڵام كەم تا زۆر لەسەر خاڵە بنەڕەتیەكانی ئەم گۆڕانكاریە سەرنجو بۆچوونی جیا جیای لە خۆ گرتووە لە نێو خودی ڕابەرانو هەڵسوڕاوانی ئەم شۆڕشەدا و چەندە وەك خودی شۆڕشەكە مامەڵەی لەگەڵدا كراوەو بەرز نرخێندراوەو چەندە ئامادەو تایبەتمەند كراوە بۆ بەردەوام بوونو گەشەی ئەم شۆڕشە لەسەرتاسەری جیهاندا یان چەندە سنوردار كراوەتەوە بۆ خەفە كرندنی لەنێو سنوری سەرمایەداری دەوڵەتیدا ، ئەمرۆكە بارودۆخی جیهان وەرچەرخاندنێكی بەرچاوی بەخۆوە بینیوەو بنەماكانی دروست بوونو بەردەوامی شۆڕش گرنگێكی مێژوویی خستۆتە بەردەم ئێمە ، كە كەمتر نیە لە دروست بوونو سەرهەڵدانی ئۆكتۆبەر بەڵام بە شێوەیەكی ترو بە خۆڕێكخستنێكی جیاوازی ترەوە كەلەگەڵ بزووتنەوەی سۆسیالیستەكانی ئەمرۆی جیهاندا بێتەوە بەڵام بەهەمان بیروڕای گەرمی شۆڕشی ئۆكتۆبەرو خۆڕێكخستنەكانی ، كەواتە جێگای خۆیەتی كە گرنگیو شیكردنەوەی تایبەتی خۆمان و ئامادەكاری بۆ پتەوكردنو ڕێكخستنی سەرتاسەری بزووتنەوەكەمان لەسەرتاسەری هەموو جیهاندا دەستپێبكەینو زیاتر ڕێكخراوتری بكەین ، وانەكانی ئۆكتۆبەر بەتەنها بەس نین كەخۆئامادەكاری خۆمانی لەبەرامبەردا ڕابگرین ، بەڵكو هەموو ئەو بزووتنەوانەی كە پێشترو داوی ئۆكتۆبەریش سەریان هەڵداوەو سەركەوتن یان شكستیان خواردوە بۆ ئێمە جێگەی باسو سەرنجی ووردی ڕەخنەگرانەمانە ، هەر وەك چۆن خودی شۆڕشی ئۆكتۆبەر لێی بێبەش نیە ، بۆ ئێمە زۆر گرنگە هۆشیارانە بە بۆچونێكی سۆسیالیستانەی شۆڕشگێڕانەوە لە هەڵەكانی مێژووی بزووتنەوەكەمان بكۆڵینەوەو خاڵە لاوازەكانو شكستەكانی بخەینە ڕوو لە پێناو پتەوكردنی بناغەیەك بۆ ڕێكخستەكانی داهاتومان ، هەر چۆن گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە بەرامبەر بەردەوام بوونی شۆڕشی ئۆكتۆبەرو خەفە كردنی ، هەڵوێستی خۆمان واڵا بكەین ، یاخود یەكاڵاكردنەوەو بەرجەستە كردنی شۆڕش لە خوودی سنووری یەك وولاتدا یان بەزاندنی سنوورەكانو گواستنەوەی شۆڕش وەك پێویستیەكی مێژووی سەردەم لە پێناو لە گۆڕنانی دنیای ستەمو چەوساندنەوە ، بۆیە پێویستیەكی مێژووی گرنگە كە بە ووردی ئەم شۆڕشە بخوێنینەوەو ڕەخنەو سەرنجەكانی خۆمانی لەسەر بدەین گەرچی ئەوە بۆ هەموومان ئاشكرایە كە تەنها وانەكانی شۆڕشی ئۆكتۆبەر بەس نین بۆ تێگەیشتنمان لە هەڵوێستی شۆڕش و بەردەوام بوونی ، ئەوەشمان دەبێت زۆر ڕاشكاوانە لەبەر چاوبێت كە ئەم شۆڕشە سنووری نەبەزاند لە كاتێكدا سەرتاسەری جیهان ڕاچەنینێكی مێژوویی بۆ ئەم گۆڕانكاریە مێژووییە بە خۆوە بینی ، جێی خۆیەتی لێرەدا سەرنجی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەكان بۆ ئەم گۆڕانكاریو شیكردنەوانە ڕابكێشین ، هەر لە پەیوەست بوونیان بە گرنگی بەردەوام بوونی شۆڕشو سنووربەزاندنی ئەم شۆڕشەو هەر لە جەخت كردن لەسەر شیكردنەوەو یەكاڵاكردنەوەی خاڵە لاوازەكانی، دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی كە شۆڕشی سۆسیالیزم سنووربەند ناكرێتو نێونەتەوەییە ، كەواتە ئالێرەدا تەواو خۆمان لەبەرامبەر پرسیارێكدا دەبینینەوە كە پێداویستیەكی گرنگو مێژووییە قسەی جدیمان لەسەر جیهانگیری ئەم شۆڕشە هەبێت ، پێش ئەوەی ئەم باسە بێتە گوزارشت ، با پرسیارێك لەسەر پێداویستی بوونی ( شووراكان ) بكەین ، ئەم پرسیارە خۆی لەخۆیدا دەمانگێرێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی ئۆكتۆبەرو پاش شۆڕش ، گومان لەوێدا بەرۆكمان ناگرێت كە شووراكان ڕەگو ڕیشەی بنیادی ئەو شۆڕشە بوون ، جێدەستو خەباتو ڕێكخستنەكانی ئەوان بوو كە ئەو شۆڕشەی بەرهەم هێنا ، بەڵام ئایا دوای شۆڕش ئەوان توانیان لەڕابەڕایەتی ئەو شۆڕشەدا بمێننەوەو بەردەوامی پێبدەن ؟! ئایا شووراكان خۆیان دەسەڵاتی ڕاستەقینەی خودی شۆڕشەكە نین

و نەبوون ؟! ، بەڵام ئێمە لەم ئەنجامەدا وانەیەکی باش فێربووین بۆ خۆمان و نەوەکانی ڕابردوشمان ، ئێمە لێرەدا دێینە سەر خاڵی بنەڕەتی و جەختمان لەسەر ئەم پێداویستە گرنگەیە کە بنیادنانو نەشونمای شووراکانە لە نێوو خودی ڕێکخستنەکانی کرێکاران و شوێنەکانی کارو بزووتنەوە جەماوەریەکاندا ، سۆسیالیستە ئینتەرناسیۆنالەکان بەبەردەوامی جەخت لەسەر ئەم خاڵانە دەکەنەوەو کاری بۆ دەکەن و بە جیهانی کردنەوەی ئەم بزووتنەوەیە بەئەرکێکی مێژوویی خۆیانو هەموو بزووتنەوەیەکی سۆسیالیستی و جەماوەری و ڕزگاریخوازی جیهانی تری دەزانن ، بۆ ئەم مەبەستەش خۆڕێکخستنێکی جیهانی بەخۆوە گرتووەو ڕابەرایەتیەکەی بە ئەرکێکی مێژوویی و پێویستی سەرشانی خۆی دەزانێت و کارو ماندووبوونی تەواوی بۆ تەرخان کردوە ، لێرەدا جێی خۆیەتی کە ئەم گۆڕانکاریو سەرتاسەری بوونە بکەینە ئەڵتەرناتیفێک لە بەرامبەر هەر بزووتنەوەیەکی تری نەزۆکدا کەتوانایی ئەوەی نیە ببێتە وەڵامدەرەوەی ڕاستەقینەی کێشە چینایەتیەکان و بەرگری ڕاستەوخۆ لە هەڵوێستی شوورایی بوونی ڕابەرایەتیە جەماوەریەکان ، کاتی ئەوەش هاتووە کە سۆسیالیستەکان تەواو ڕاشکاوانەو شێلگیرانەتر بێنە مەیدانو بزووتنەوە باوو نامۆکان بەسەردەمو کۆمەلگاو جیهان ڕەتکەنەوەو بێنە مەیدان لەپێناو ئەڵتەناتیفێکی شۆڕشگێڕانەدا ، ئیفلیج بوونو نەزۆک بوونی هەندێ بزووتنەوەی سۆسیالیستی لەسنووری وولاتێکدا بەڵگەی تەواوی ئەوەمان دەدەنێ کەئەم بزووتنەوانە توانای ڕابەڕایەتی کردنی جیهانی ئەم بزووتنەوەیەیان نیەو ناتوانن هەزمی کەن ، هەر بۆیە لێرەدا دێمە سەر ئەو بۆچوونەی کەدەبێت بە شێوەیەکی ڕێکخراوبوونی کاری هاوبەش لەسەر ئاستێکی جیهانی کێشەی ئۆکتۆبەرەکەمان چارەسەرکەین بە هەموو ئەو کەموو کوریانەوە کە دێتە پێشمان لە ڕووی ڕێکخستن و ئامدەبوونەوە ، بەو هیوایەی سۆسیالیستەکان تەواو لەسەر ئەوە کۆکبن کە خۆیان هاوڕێکخڕاوو هاوخەبات کەن لەگەڵ ڕێکخڕاوە سۆسیالیتەکانی تری جیهانداو یادی ئۆکتۆبەر بکەینە خاڵی دەستپێکی خەباتی هاوبەش .